Saladin University – Erbil
College of Education
Special Education Deportment
First Class - Social Work

زانكۆی سەلاحەدین– هەولێر
كۆلێژی پەروەردە
بەشی پەروەردەی تایبەت
قۆناغی یەكەم / كاری كۆمەلآیەتی

سـالی خوێندن (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

2

# كـــاری كۆمەلآیەتی

# Social Work العمل الاجتماعي

د. مهدی عباس
پرۆفیسۆری یاریدەیدەر






# پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی:

**ئەم چەمکە لەلایەن زانا و پسپۆڕانی بواری کاری کۆمەڵایەتی پێناسەی هەمەچەشنەی بۆ کراوە و هەر یەك لە پێناسەکان دەربڕی رەوشی ئەو ژینگەیە کە پێناسەکەی تێدا کراوە، بەڵام لە ئەنجامدا بەپێی بەرەوپێشچوونی کاری کۆمەڵایەتی و چەمکی کاری کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.**

**جۆراوجۆری و جیاوازی پێناسەکانی کاری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە:**

١- **پیشەی کاری کۆمەڵایەتی پیشەیەکی نوێیە و بەخێرایی پەرەی سەندووە، ئەمەش وایکردووە لە نوێبوونەوەی بەردەوام بێت و بازنەی کارەکانی زیاد بکات، بۆیە پێناسەکانی تا رادەیەك کاریگەری خۆیان لەدەست بدەن.**

٢- **تێڕوانین و پەیوەست بوونی پێناسەکان بە کات و شوێن، هەروەها شارەزایی و جیاوازی بیروڕای خاوەن پێناسەکان وایکردووە ئەو جیاوازییە لە پێناسەکاندا خۆی دەربخات.**

٣- **ئەو چالاکییانەی کە کاری کۆمەڵایەتی بەشداریان تێدا دەکات ناتوانرێ بە ئاسانی دیاری بکرێن.**

٤- **ئەو گۆڕانکارییە خێراییەی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی دا دێت، وا دەکات زوو زوو پێناسەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا بێت.**

**وێرای ئەم خاڵانەی سەرەوە زاناکان و پسپۆڕانی بوای کاری کۆمەڵایەتی لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ یەکخستنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ کاری کۆمەڵایەتی .. وە لە خوارەوە هەوڵ دەدەین چەندین پێناسە بە پێی بیروراکانی زانایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە بخەینە ڕوو:**

- **پێناسەی ماری ریچموند (١٨٦١-١٩٢٨) Mary Ellen Richmond**

**کا**ری کۆمەڵایەتی لای ئەو خاتوونە بریتی یە لە: پرۆسەیەك کە ئامانج لێی گەشەپێدانی کەسایەتییە بەهۆی کاریگەرییە هەستپێکراوەکان لە تاکدا, بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا بگونجێت. دەتوانین ئەم پێناسەیە لە رووی کاتەوە بە یەکەم پێناسە دابنێین، کاتێ ماری ریچمۆند لە ساڵی ١٩١٧ کتێبێکی بە ناوی (دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتی – التشخیص الاجتماعی) بڵاوکردەوە و یەکەم رێگای پێشکەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی دیاری کرد. کە رێگای کاری کۆمەڵایەتی تاك بوو. لەم سۆنگەیەوە کاری کۆمەڵایەتی بایەخ و گرنگی بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دا و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ

پیشەی خزمەتگوزارییەکانی کاری کۆمەڵایەتی بە شتێکی گرنگ و پێویست زانیوە" کە لە پرۆسەکانی دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتیدا شتێکی بنەڕەتییە.

- **ویلیام هودسون (١٨٤١-١٩٩٢) William Henry Hudson:**

لە بارەی پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی ئەو بەڕێزە دەڵێت: ( کاری کۆمەڵایەتی خزمەتێکی تەکنیکی هونەرییە، لە لایەکەوە کار لەسەر یارمەتیدانی تاك یان گروپی خێزان دەکات لە کاتی گەیشتن بە قۆناغێکی گونجاو کە رووبەڕووی گیروگرفتێك دەبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەپێی توانا کاردەکات بۆ لابردنی ئەو بەربەست و کۆسپ و تەگەرانەی دێنە رێگای تاکەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو پەڕی وزە و تواناکانیان).

- **هیربەرت ستروپ ( Herbert H. Stroup):**

کاری کۆمەڵایەتی لەلای هیربەرت ستروپ ئەم جۆرە پێناسە کراوە: ( هونەرێکە بۆ گەیاندنی بەرهەم و سامانە جۆراوجۆرەکان بە (تاك – گروپ و کۆمەڵگە) بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان" بە گرتنەبەری رێگای زانستی بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ تاوەکو بتوانن یارمەتی خۆیان بدەن و خۆیان بەڕێوە ببەن).

- **رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان** لە رێگەی کۆمەڵێك شارەزا لە (١٠) وڵاتی ئەندام لە ساڵی ١٩٦٠ کاری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: (بریتییە لە چالاکیەکی رێکوپێك و رێکخراو یاخود هەوڵێکی مرۆڤانە بۆ باشکردنی ژیانی مرۆڤ کە ئامانجی بەدیهێنانی خۆگونجاندنێکی ئالوگۆرە لە نێوان تاکەکان و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیاندا).
- **ولیام فارلی ( William Farley)** لە ساڵی ٢٠٠٣ دا پێناسەی کاری کۆمەڵایەتی کردووە دەڵێت: (کاری کۆمەڵایەتی هونەر و زانست و پیشەیەکە لە گیروگرفتی کەسی و کۆمەڵییەکان (بە تایبەتی خێزان) و گیرگرفتەکانی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە بۆ گەیشتن بە رازیبوونی کەس و کۆمەڵ" هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە میانەی کاری کۆمەڵایەتی دا یارمەتی مرۆڤ دەدات).

**لەژێر روشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین پێناسەیەکی گشتی بۆ کاری کۆمەڵایەتی دابڕژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :**

کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە (هونەر و زانست و پیشەیەك لە پێناو یارمەتیدانی مرۆڤ (تاك – کۆمەڵە- کۆمەڵگە) بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بە رێگای تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و پلانی زانستیانە" بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگا بە مەبەستی گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری مادی و مەعنەوی).

## پێناسەی چاودێری کۆمەڵایەتی:

سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرنامە بۆ دارێژراوە کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە لە پێناوی فێرکردن و و پڕکردنەوەی کەلەبەری پێداویستییە سەرەکی و لاوەکیەکانی مرۆڤە، یارمەتیدانی مرۆڤە بۆ ئەوەی خۆی هەوڵەکانی بۆ خۆی بخاتە گەڕ.

### تایبەتمەندییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی:

١- **خزمەتگوزارییەکی هەمیشەییە کە بەشێکی سەرەکی لە بونیادی کۆمەلایەتی پێك دەهێنێت، واتا حالەتیکی لە ناو نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان.**

٢- **چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو چین و تاکەکانی کۆمەڵگە پێشکەش دەکرێت، نەك تەنها بۆ چینێکی دیاریکراو یان چەند تاکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا.**

٣- **چاودێری کۆمەڵایەتی ئەرکێکی سروشتییە کە کۆمەڵگە پێی هەڵدەستێت بۆ یارمەتیدانی تاك و گروپ و کۆمەڵگە بۆ باشترکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی.**

٤- **چاودێری کۆمەڵایەتی ئامانجی بەدەستهێنانی مەبەستی خۆپارێزی و گەشەپێدان و چارەسەرەکردنە.**

### پەیوەندنی چاودێری کۆمەڵایەتی بە کاری کۆمەڵایەتییەوە:

**هەر لە گەڵ بوونی مرۆڤەوە چاودێری کۆمەڵایەتی بوونی هەبووە، ئینجا ئەگەر بەشێوەیەکی فەرمی یاخود نافەرمی بێت. ئەوە کارێکی خۆبەخشییە و بە سروشتی مرۆڤ و خۆشەویستی تاکەکان بۆ ئەوانی دیکە لەلایەك و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵگە و خێزان لەلایەکی دیکەوە. پەیوەستە. هەر لەبەر ئەوەش بووە شارستانیەتیە کۆنەکان و ئایینە ئاسمانییەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە پێشکەوتنی چاودێری کۆمەڵایەتی وەك سیستەمێك لە کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی چاودێری وەك بەرپرسیاریەتیەك و مافێك لە مافەکان مرۆڤ، .**

**گەشەکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی یەکێك بووە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیشەی (کاری کۆمەڵایەتی)، هەروەها پیشەی کاری کۆمەڵایەتی رۆڵێکی باڵای هەیە لە گەشەکردن و پلاندانان و رێکخستنی چاودێری کۆمەڵایەتی. چاودێری کۆمەلایەتی زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت، مانای فرەلایەنترە لە کاری کۆمەڵایەتی.**

**هەردوو چەمکی (چاودێری کۆمەڵایەتی) و (کاری کۆمەڵایەتی) لەلایەن پسپۆڕمەندان و شارەزایانی ئەم بوارە گفتوگۆی زۆری لەسەرە بۆ نموونە:**

**هەیانە دەلێن چاودێری کۆمەڵایەتی گشتگیرترە و کاری کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، بە جۆرێك کە ئەم دوو چەمکە لەسەر ئاستی مومارەسەکردن پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. زانا (فرید لاندەر) پێی وایە کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە: خزمەتکردنێکی پیشەیی لەسەر بنەمای مەعریفی و بەهرەمەندی لەبرەودان بە پەیوەندی مرۆیی، کە یارمەتی تاکەکان دەدات بە تەنها یان بە گرووپی بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خۆیان دەستەبەربکەرن و پشت بە خۆیان ببەستن.**

**گشت پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری کۆمەڵایەتی و پیشەکانی دیکەی مرۆڤ، وەك: پزیشك، پزیشکی دەروونی ، پسپۆڕی دەروونی، نەخۆشەوانان، مامۆستایان ، پلاندانەران و هی دیکە، بەڵام کاری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو پیشانەی پەیوەندییەکی زۆر نزیکی بە چاودێری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بە جۆرێك پیشەی کاری کۆمەڵایەتی وەك دەروازەیەکی گشتی بۆ یارمەتیدانی خەڵك و گرووپەکان بەکاردێت لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانیان و برەودان پێیان، لێرەدا پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کە پێشکەشی خەڵك دەکرێن، و هەندێك لە پسپۆڕانی ئەم بوارە لە یەکێك لە دامەزراوە تایبەتەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وەك نەخۆشخانە ، قوتابخانە، نۆڕینگەی تەندروستی دەروونی دا کار دەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان لە دەزگاکانی وەك (چاودێری خێزان، یان ئەو بەشانەی لە دامەزراوە حکومییەکان بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی تەرخانکراون، کار دەکەن، کە چەندین خزمەتگوزاری جۆراجۆر پێشکەشی ئەوانە دەکات کە سەردانیان دەکەن.**

**لێرەدا کاری کۆمەڵایەتی تێڕوانینێکی گشتگیر دەکرێتەبەر بۆ کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەری تاکەکان لەلایەك و خودی تاکەکانیش لەلایکی دیکەوە، هەروەها ئامانجی باشترکدنی ئەو**

**پەیوەندییانەی تاکەکانە ئەویش بە بەهێزکردنی تواناکانیان وتوانستیانە بۆ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرکەیان، هەر بۆیە پسپۆڕەمەندی کۆمەڵایەتی چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات کە خۆی لە رینماییکردن، داوالێکردن، رێکخستنی گروپەکانی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی هەندێك لە کێشەکانی خێزان، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی خزمەتکانی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو پیشانەی دیکە کە خزمەتگوزاری چاودێری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن.**

**لەوانەی سەرەوە بۆما دەردەکەوێتکە کاتێك زەمینەی چاودێری کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جیهان بەرفراوان بووە، ئیتر پێویستبوون بە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بووە پێویستییەکی زەروری، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر پیشەی کاری کۆمەڵایەتی هاتە بوون.**

**جیاوازاییەك لە نێوان چاودێری کۆمەڵایەتی و کاری کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەویش چاودێری کۆمەڵایەتی بوارێکی فرەوانی هەوڵی مرۆییە کە چەندین دامەزراوە و پرۆگرام و خزمەتگوزاری لە خۆ دەگرێت کە کاری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو پیشانەی لەم بوارەدا هەن، ئینجا ئەگەر کاری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە پیشە سەرەکییەکانی سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی، ئەوا پسپۆرمەندانی کۆمەڵایەتیش هەر ئەوان نین کە لە چوارچێوەی چاودێری کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن و هەموو خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتیش تەنها لەسەر پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی کورت نەبووەتەوە. بەڵام ئەوەی کاری کۆمەڵایەتی لە پیشەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەدایەکی تەواو و کامڵ ئەنجام دەدات و لایەنە ئەخلاقییەکانی روون و ئاشکرا و نموونەیین، بە جۆرێك کە مرۆڤ، خاڵی یەکەمی گرنگیپێدانەکانیەتی.**

**کاری کۆمەڵایەتی چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە دەیەوێت بیناپێکێت، وەك یارمەتیدانی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزراییەکان (مادییەکان)، یان پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و چارەسەری دەروونی بۆ تاك وگروپ و خێزانەکانیان، یارمەتیدانی گروپ و کۆمەڵگاکان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان و بەشداریکردن لە بڕیاردان، ئینجا بۆ ئەوەی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو ئامانجە پیشەییانەی بپێکێت، ئەوا پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە تەندروستی و پەروەردەییەکان و چاودێرییەکان و سیستەمی یاسایی و یەکە پیشەسازییەکان و چاکسازییەکان و بەندیخانەکان و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان لەسەر ئاستی لۆکاڵی و**

**هەرێمی و جیهانی دادەمەزرێن. هەروەها چالاکییەکانی پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاراستەی هەموو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان دەکرێت لە ناو کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە:**

- **چالاکییە یارمەتییە ئابوورییەکان ئاراستەی ئەدای ئابووری تاکەکان دەکرێت.**
- **چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی خێزان و منداڵ ئاراستەی خێزان دەکرێت وەك (یارمەتیدانی هاوسەرە تازەکان ، چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی ....تاد.).**
- **چارەسەرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان (چارەسەرکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی نێوان هاوسەران لە رووی یاساییەوە ئاراستەی دامەزراوەی دادگاکان دەکرێت).**
- **چارەسەرییە خزمەتگوزارییە قوتابخانەیی وەك پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا و ئیدارەی قوتابخانە و سیستەمی فێرکاری و گەشەپێدانی مرۆیی ئاراستەی سیستەمی پەروەردە دەکرێت.**
- **چارەسەرییە تەندروستییەکانی وەك پەیوەندی نێوان تاکەکان لە چوارچێوەی هەلوێستە تەندروستییەکان وەك پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشك و تیمی تەندروستی ئاراستەی دامەرزاوە پزیشکییەکان دەکرێت.**

**هەر بۆیە کاری کۆمەلایەتی لە هەموو ئەو دامەزراوانەدا بوونی هەیە و خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکات. کە بایەخ بە گەشەپێدانی تواناکانی تاکەکان و گروپەکان و کۆمەڵگە دەدات.**

**لە ئەنجامی ئەمەی سەرەوە دەتوانین بلێین کاری کۆمەلایەتی شێوازێکی زانستییە بۆ گەیاندنی چاودێری گۆمەلایەتی بۆ تاك و گروپ و کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی زۆر کردەیی (پراکتیکی)، ئەوەش لە رێگەی پەیوەندییکردنی لەگەڵ دامەزراوە یارمەتیدەرەکانی دیکەی چاودێری کۆمەلایەتی .**

**چاودێری کۆمەلایەتی ئاماژەیەکە بۆ چالاکییە رێکخراوانەی لە دەزگا تایبەت و حکومییەکان ئەنجام دەدرێت، کە هەوڵ دەدات بۆ نەهێشتنی پێویستی و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان و باشترکردنی رەوشی کۆمەلایەتی تاکەکان و گروپ و کۆمەڵگەکان،**

ئەم چالاکیانەش چەندین جۆری هەوڵدان لەخۆ دەگرێت لەلایەن پزیشکان ، نەخۆشەوانان، یاسایی، مامۆستا، ئەندازیار، پسپۆرمەندی کۆمەڵایەتی.

## تایبەتمەندییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی (خصائص الرعاية الاجتماعية)

١- چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە پێشکەش دەکرێت، نەك تەنها بۆ چینێکی دیاریکراو یان چەند تاکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە.

٢- چاودێری کۆمەڵایەتی ئەرکێکی سروشتییە کە کۆمەڵگە پێی هەڵدەستێ بۆ یارمەتیدانی تاك و گروپ و کۆمەڵگە بۆ باشترکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی.

٣- چاودێری کۆمەڵایەتی ئامانجی بەدەستهێنانی مەبەستی خۆپارێزی و گەشەپێدان و چارەسەرکردنە.

٤- خزمەتگوزارییەکانی هەمیشەییە کە بەشێکی سەرەکی لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت. واتا حالەتێکی لەناکاو نییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان.

# بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی

**کاری کۆمەڵایەتی بە مەیدان و بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا بڵاوبۆتەوە، جگە لەمەش لە کاری چارەسەرکردن گواستراوەتەوە بۆ کاری خۆپاراستن و پەرەپێدان بۆیە کاریگەری گشتگیرە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا. بە شێوەیەکی گشتی بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر، وەك لە خوارەوە هاتووە:**

## بوارە کلاسیکییەکانی کاری کۆمەڵایەتی:

**١- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری خێزان.**

**٢- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری قوتابخانە.**

**٣- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری پزیشکی (تەندروستی).**

**٤- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری بەساڵاچووان.**

**٥- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.**

**٦- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری لاوان.**

**٧- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری جەنگ و شەڕدا .**

**٨- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری گیراوەکان و خێزانەکانیان.**

**٩- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری داکۆکی کردنی کۆمەڵایەتی.**

**١٠- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری نەوجەوانان.**

**١١- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری پیشەسازی.**

**١٢- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری لادێ.**

# بواره نوێیەکانی ی کاری کۆمەڵایەتی:

١- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری دانیشتوان.

٢- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری شارنشینی.

٣- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری گەشتوگوزار.

٤- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری پاراستنی ژینگە.

٥- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری بەهرەداران .

٦- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری هێزی چەکداری.

٧- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری جەندەر.

٨- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری ئاسایش و دادپەروەری.

٩- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری بەکارهێنەرانی تەکنەلۆژیای سەردەم.

١٠- کاری کۆمەڵایەتی لە بواری خۆشگوزارەنی پڕکردنەوەی کاتەکانی دەست بەتاڵی.

کاری کۆمەڵایەتی لە رۆژگاری ئەمرۆدا بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤەکان، کە لە گشت بوار و مەیدانەکاندا رۆڵی کارا و گرنگ دەگێڕێت لە پێناو یارمەتیدانی تاکەکان بۆ چارەسەرکردن و یان کەمکردنەوەی کێشە و گرفتەکانیان.

## ئامانجەکانی کاری کۆمەڵایەتی

١- برەودان (پێشخستن یان گەشەپێدان) بە تواناکی تاک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، وە یارمەتیدانی بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەی.

٢- پەیوەستکردنی تاکەکان بەو سیستمانەی پاڵپشتییان دەکات لە رێگەی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکان و رەخساندنی هەڵ بۆیان.

٣- برەودان (التعزیز) و بەهێزکردنی کارا و کاری مرۆیی لە نێوان ئەو چالاکییانەی کە دەشێ تاکەکان لە میانەیانەوە سەرچاوەیەکی ئابوورییان دەستکەوێت و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ فەراهەم بێت.

٤- پسپۆڕی کۆمەڵایەتی کار دەکات بۆ پێکەوە بەستنی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان، خزمەتگوزاری و سەرچاوە و پرۆگرامەکان لەگەڵ پاڵپشتکردنی کارگێڕی و رێکخراوەیی لەمیانەی رووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی گروپەکان تواناداربن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری برەوی پێ بدرێت.

٥- توانادارکردنی گروپەکان بۆ بەهێزکردن و وپاڵپشتکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری (واتە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەمان ماف ، پارێزگاری، هەڵ، ئەرک) دا یەکسان بن ..

٦- پێشخستن و ئەزموونکردنی مەعریفەی تایبەت و بەهرەمەندی لە پێشکەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، چاوەڕوان دەکرێت لە کاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٧- گەڕانی بەردەوام بە دوای مەعریفەی زانستی نوێ بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.

## فەلسەفەی کاری کۆمەڵایەتی:

**زۆرێك لە زاناكان ویستویانە چوارچێوەیەكی فەلسەفی بۆ كاری كۆمەڵایەتی دابنێن، كە تێڕوانینی پیشەی كاری كۆمەڵایەتی سەبارەت بە تاك، گروپ، كۆمەڵگە، دەردەخات كە لەمیانەیەوە پسپۆڕانی كۆمەڵایەتی كاردەكەن بۆ دەستەبەركردنی ئامانجەكانی ئەم پیشەیە. لەسەرەتا پێش باسكردنی چوارچێوەی فەلسەفەی كاری كۆمەڵایەتی، باشتر وایە ئەو بەها (قیم) سەرەكییانە بخەینە ڕوو كە چوارچێوەی فەلسەفەی كاری كۆمەڵایەتی بە دەوریدا دەخولێتەوە، بەهاكانیش بریتین لە:**

**١- بڕوا بوون بە كەڕامەتی مرۆڤــ، و مافی چارەی خۆسەری.**

**٢- بڕوا بوون بە تواناكانی مرۆڤــ، بۆ گەشەسەندو پەرەپێدان.**

**٣- بڕوا بوون بە زەروورەتی پشتبەستنی ئاڵوگۆڕكاری لە نێوان یەكە پێكهێنەرەكانی كۆمەڵگا.**

## چوارچێوەی فەلسەفەی كاری كۆمەڵایەتی:

**١- ئەو ڕاستییانەی پەیوەستن بە تواناكانی مرۆڤەوە ڕەها بوونی نییە، بەڵكو ڕێژەیین. واتە: قابلی گۆڕانن و پێشخستنن و گەشەپێدانن.**

**٢- تاك یەكەی پێكهێنەری گروپە، گروپیش یەكەی پێكهێنەری كۆمەڵگەیە، وە دەبێت كۆمەڵگە لە بەرژەوەندی تاكەكانیدا كار بكات و گۆڕانكاری بكات.**

٣- تاك بوەك بونەروەێکی زیندوو بەهای هەیە، بەدەر لەوەی رەوشێکی تایبەت یان سەر بە چ ئایین و نەتەوە و گروپێکە.

٤- تاك یەکەیەکی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە، و داینامیك و بەردەوام گۆڕاوە، توانستی هەیە بۆ خۆگۆڕین و دەتوانێت خۆی یارمەتی خۆی بدات، بۆیە دەبێت یارمەتی بدرێت بۆ خۆدۆزینەوە و ئاشناکردنی بە تواناکانی خۆی.

٥- بوونی جیاوازی تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شتێکی حەتمییە و دەبێت رێزی لێ بگیرێت.

٦- کارکردن لەسەر یارمەتیدانی تاك بۆ خۆرزگار کردن لەو کێشە و کۆژانانەی کە هەیەتی.

٧- کاری کۆمەڵایەتی تەنیا کۆمەڵە رێگەیەك و تیۆرێك و مەعریفە نییە، بەڵکو لەوە زیاترە و بەشێوەیەکی بنچینەیی پشت بە کۆمەڵێك بەها و بنەمای ئەخلاقی کە لە ئایین و دابونەریت و بیروباوەڕەوە دەبەستێت کە لە نێو کۆمەڵگا پیادە دەکرێت.

٨- کاری کۆمەڵایەتی ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی، کەواتە بەشداریدەکات لە دۆزینەوەی ئاسوودەیی بۆ مرۆڤەکان ، ئەمەش لە میانەی کاری زانستی و هاوکاری هەموو هێزەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر دەبێت.

٩- دیموکراسیەت تەنیا لە رێگەی پەروەردە فەراهەم نابێت، بەڵکو ئەوە شێوازێکە و دەبێت تاکەکان و گروپەکان لەنێو کۆمەڵگەدا پیادە و پەیرەوی بکەن.

## تایبەتمەندییەکانی پیشەی کاری کۆمەڵایەتی:

١- جەخت کردنەوە لەسەر تاك لە نێو گروپ: دەوروبەر چەند کاریگەریی لەسەر تاك هەیە.

٢- جەخت کردنەوە لەسەر رۆڵی خێزان لە چەندێتی و چۆنیەتی دروستکردنی تاك و رەفتارەکانی تاك.

٣- هەمیشە هەوڵ دەدات سوود لە سەرچاوەکانی وەرگرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاك و گروپەکان. بۆیە پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی پێویستە لەو سەرچاوانە ئاگادار بێ و شارەزایی لەسەریان هەبێ.

٤- خوێندنی کاری کۆمەڵایەتی لایەنی تیۆری و پراکتیکی هەیە.

٥- کاری کۆمەڵایەتی چەند رێگایەك لەخۆ دەگرێ وەك ( رێگای تاك، رێگای گروپ، رێگای رێکخستنی کۆمەڵگە)... هەروەها چەند رێگای دیکە وەك یارمەتیدەری رێگاکان ناسراون وەك (کارگێری رێکخراوەکان و پلان دانان ..تاد).

٦- (پەیوەندی دروستکردن) کلیلی هەموو پرۆسەکانی رێگەکانی کاری کۆمەڵایەتییە، ئینجا ئەم گەرموگوڕییەی پەیوەندی نێوان (پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی و گرفتار) یارمەتی زیاتری گرفتار دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەگڕخستنی تواناکانی.

٧- ئەم پیشەیە پشت بە دەروونناسی و کۆمەڵناسی دەبەستێت.

٨- ئەم پیشەیە بەوە دەناسرێتەوە کە دەتوانرێت لەسەر ئاستی حکومی و خۆبەخشی کاری تیا بکرێت.

٩- ئامانجی سەرەکی کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە یارمەتیدانی گرفتار بۆ ئەوەی یارمەتی خۆی بدات.